www.kurdistannet.org
13-2-2007 22:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یادی ناسینی تۆیە!!!! ... چیا

سەرەتا گوڵێکت پێشکەشکردم، گوڵێکی سور، بەبیرم دی منیش خۆم لە گێلی داو،
لێم پرسیت: ئەمەچیە؟
وتت: بۆ تۆ؟؟؟
وتم: سوپاس من گوڵ لەکەس وەرناگرم'تەنها لەیەك کەس نەبێت.
هەندێك ڕامایت و کزکز لێترواندم. .
وتت: ئەو کەسە کێیە؟
وتم: ئەو کەسەیە کە عاشقی ئەبم و عاشقم ئەبێت
وتت: دەکەواتە وەریگرە
گوڵەکەت ڕەنگی سورێکی گەش بوو، هەرلێم وەرنەگرتیت، (ئەمە ساڵێك پێش ئێستا بوو)، لەدڵەوە ئەمویست وەریگرم، بەڵام هەروەرم نەگرت و دەستم نەهێنا.
لێی پرسیم، وتی: ئەزانی ئەمرۆ چەندی ماتگە؟
هەندێك ڕامام، دوایی وتم: ئاااااا 2/14 ە زۆر بەئاسایی و بەساردییەکەوە وەڵامم دایەوە.
وتی: ئەی بۆ ئەو گوڵ سورەم لێوەرناگریت؟
کەوای وت یەکسەر بیرم کەوتەوە ئەمرۆ ڕۆژی عاشقانی جیهانیە (ڤالانتاینە)، بۆیە شەرم دایگرتم.
ووتم: بۆ لیتوەرگرم؟ ئەزانم ئەمرو ڕۆژی عاشقانە.
وتت: لەم ڕۆژەدا چەندەها عاشق گوڵدەگۆرنەوەو پەیمان نوی دەکەنەوە. . . من دەتپەرستم. . . هەتا مردن سوجدەت بۆ دەبەم. . . بۆ چاوت. . . بۆ ناوت. . . بۆ هەیکەلت
وتم: ئاخر. . . . !!!!
وتت: گرنگ ئەوەیە من کەسێکم لەم ڕۆژەدا ناسی، لەم ڕۆژە پیرۆزەدا، کە هەتا مردن و بۆ ئەبەد عاشقی ئەبم، هەر لەگەڵی ئەبم، تا عاشقم ئەبێت.
هێشتا گوڵەکەم لێوەرنەگرتوە. .
ووتت: تۆ خاتری هەموو عاشقانی جیهان دڵم مەشکێنە، ئەم گوڵم بۆ تۆ هێناوە. . .
بەئەسپایی دەستم برد، بەڵام بەنابەدڵ لێموەرگرت. .
وتت: ناخت دەخوێنمەوە. . بەڵام بەوناخەت ڕازیم. . من ئەم ڕۆژەو تۆ لەیادناکەم. . هەتا دوا چرکەی ژیانم خۆشمدەویت و پێت دڵشادم.
نەمدەویست ئەوساتە جوانانەی کە تیایدایەو، ئەو هەستەجوانانەی کەدەریدەبڕێت، لێی تێبدەم و بکوژێنمەوە ''' بێدەنگیم هەڵبژارد.
ئەو، هەربەردەوام بوو. . .
وتت: تاقە گوڵەکەم. . هەناسەکەم. .
تاقەگوڵەکەت کرد بەچەپکێك. .
زیاتر شەرمم کرد و ئارەقەمکرد. . هەوڵمئەدا چاوەکانم لە چاوەکانی دوربخەمەوە. . هەوڵمئەدا ئەو ساتە وەختە بکەمە گاڵتەجاری و پێکەنین و خوم دەربازبکەم لێی.
بەڵام ئەو جدیتر قسەی دەکرد سورتر دەبوو لەسەر پەیمانەکانی کە پێیە دەدام.
وتم: من هیچ پەیمانێك بە تۆ نادەم و هیچ پەیمانێکیشت لەگەڵ نابەستم.
وتت: من پەلەم نیە، هەتا مردن چاوەڕێت دەبم، هەتا مردن بەتەمات دەبم، هەتا هەبم خۆشمدەوێت، عەشقتم و دەتپەرستم و خۆڵی بەرپێتم. . . . . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وتم: بەسە. . بەسە. . نەورۆز لەپێشمانەوەیە. . تینی ئاگرەکەی. . سۆزە پڕ میهرەکەی. . بە یادە شیرینەکەی.

هەندێك ڕامایت، وتت: هەموو ئەوانیشم خۆشدەوی، بەڵام تۆ لەتای تەرازویەکدا و خۆشەویستی تۆ بەلایەکدا و ئەوانیش بەلایەکدا، بەڵام ئاگری نەورۆزم لەهەموان لەلا شیرینترە، چونکە ڕەنگی لە ڕەنگی پێستی تۆ ئەچێت، هەمیشە یادت دەکەم و لەیادەوەریمدایت و سۆزیشت بێکۆتا لەناخمدایە، من هیچ گۆتەیەکم نەما لەئاست ئەو هەموو هەستە سۆزاویەت بدوێم.

وتم: نەورۆز بریتیە لە ئاگر و سۆزو لە یادە شیری. . .

نەتهێشت تەواوی بکەم. .

وتت: چیاااااش سەوز دەپۆشێت. . چیاااات بیر نەچێت، کە هەموویان تەواوکەری ئەورۆژەن، لە دوی 2/14 ەوە تۆ هەموو ڕۆژێك، هەموو مانگێك، هەتا یادی ڤالانتاین هەبی هەر پەیمانت بۆ نوی دەکەمەوە

هەرباست لە عەشقی خۆت دەکرد بۆ ئاگر بۆ یاد بۆ سۆزەکەی بۆ چیا لە ڕۆژی نەورۆزدا.

منیش هەر گوێگرت بووم. . بە بزەوە. .

لەکۆتاییدا وتم گەر لێم پرسیت 2/14 یادی چیە؟؟؟. . دەڵێم یادی ناسینی تۆیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.